عەوادی: سودانی بۆ مامەڵەکردن لەگەڵ هێزەکانی هاوپەیمانی نێودەوڵەتی پشت بە سێ رەگەز دەبەستێت



وتەبێژی حکومەتی عێراق ئاماژە بەوە دەکات، سەرکوەزیران بۆ مامەڵەکردن لەگەڵ هێزەکانی هاوپەیمانی نێودەوڵەتی پشت بە سێ رەگەز دەبەستێت.

ئەمڕۆ (هەینی 26ـی کانوونی دووەمی 2023) باسم عەوادی، وتەبێژی حکومەتی عێراق رایگەیاند، محەمەد شیاع سودانی، سەرکوەزیرانی عێراق بۆ مامەڵەکردن لەگەڵ هێزەکانی هاوپەیمانی نێودەوڵەتی پشت بە سێ رەگەز "راشکاویی، متمانە و هاوسەنگی" دەبەستێت.

سەرنجی بۆ ئەوەش راکێشا، ئەمەریکا و هاوپەیمانان نەك هەر لە عێراق، بەڵکو لە ناوچەکەدا بەرژەوەندییان هەیە و خاوەنی هێزکی زۆرن لە ناوچەکە و نایانەوێت بڕچوونکی وا لەلایەن وڵاتانی ناوچەکە دروست بێت، کە وا پیشان بدات ئەوان دژاون.

وتەبێژی حکومەتی عێراق جەختیشیکردەوە، کۆبوونەوە چاوەڕوانکراوەکانی نێوان لیژنەی باڵای سەربازی عێراق و ئەمەریکا تەنیا کۆبوونەوەی پیشەیی سەربازی دەبن و تێیدا گفتوگۆ

لەبارەی چۆنیەتی تەواوبوونی ئەرکەکانی هاوپەیمانی نەوەوەتی دەکرێت لەعێراق.

وتیشی، ئەوەی دەمێنێتەوە تایبەت دەبێت بە مەشقپێدان، پێچەککردن، کاری هەواڵگری و پلانی ئێپەراسیۆنەکان، پاشانیش هەوڵ دەدرێت نەخشەگەیەکی هاوبەش دابنرێت بۆ کۆتاییهێنان بەئەرکی هێزەکانی هاوپەیمانان لەعێراق.